# زیـــانەکانی نەرگیلە لەڕووی

ت/ دیار سالار

کێشـــانی نێرگەلە لەناو ئافرەتاندا لەئێستادا لەهەرێمی کوردســـتان بۆتە دیاردەیەکی باو، هەندێك لە ئافرەتەکان بە بەردەوامی ڕۆژانە ئارەزوو دەکەن بیکێشن، بەجۆرێك بەکارهێنانی ڕۆژ بەڕۆژ لە تەشەنە کردن وپەرەسەندندایە، هەندێکیـــان وەك چاولێکەرییـــەك بەکاری دەهێنن، بەشێکی تریان بۆڕاکێشانی سەرنجی پیاوانە بە لای خۆیاندا، هەندێکی تریان لایان بووەتە نەریتێك و ناتوانن وازی لێبهێنن.

ئـــەوەی گرنگـــە نێرگەلەکێشـــان بەیەکێك لەمەترسییە ســـەرەکییەکانی سەردەم ئەژمار دەکرێت، بەپێـــی ئامارەکانـــی ڕێکخراوی پاراســـتنی تەندروســـتی جیهانی ژمارەی نێرگەلەکێشەکان لەجیهاندا ١٠٠ ملیۆن کەس دەبێت.

بەشـــێکی زۆری کچانی هەرزەکار بۆسەرنج ڕاکێشانی پیاوان نێرگەلە دەکێشن، لەمبارەیەوە تامان حەســـەنی تەمەن ٢٧ســـاڵ ئاماژەی بەوەدا کە زۆربەی کچان ئارەزوو دەکەن پیاوان تەماشـــایان بکەن، نێرگەلـــەش هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ ڕاکێشـــانی سەرنجی پیاوان، تامان هەروەها دەڵێت: (ئەو کاتەی جگەرەم دەکێشا بەبەردەوامی کوڕانی دەوروبەری خۆم سەیریان دەکردم، کەچی ئێستا چونکە کچی جگەرەکێش زۆربوون کەس تەماشـــام ناکات، بەڵام کەکچێـــك لەکافتریایەکـــدا نێرگەلە دەکێشیت سەرنجی هەموو پیاوەکان بۆخۆی ڕادەکێشێت، ئەمە بێجگە لەوەی کەنێرگەلە خۆشییەکەی لەجگەرە زیاترە) ئەو کچە وەك خۆی باسی دەکات شـــەوانە سێ بۆ چوار نێرگەلە دەکێشـــێت، ڕێژەیەکی زۆر لەکوڕان سەرسامی دەبن و داوای ژمارەی مۆبایلی لێدەکەن.

سوهەیلە عومەری تەمەن ٢٦ ساڵ خەڵکی شـــاری بەغدایە، بەهەمان شـــێوە پێشـــتر جگەرەکێـــش بووە، ئەو دەڵێت: جگەرەم تەرك کـــردء فێری نێرگەلەکێشـــان بـــووم، بەڵام نێرگەلەکـــە لەجگەرەکە خراپترە، زیانی زۆرە فێـــری بووم و بۆم تـــەرك ناکرێ، ئەو کچە هەروەهـــا ئـــەوە دەدرکێنی کـــە چۆتە لای پزیشكء پزیشـــکەکە پێی وتووە ئەگەر یەك نێرگەلە بکێشـــیت وەکوئەوە وایە یەك پاکەت جگەرەت کێشا بێت، ناوبراو دان بەوەدا دەنێت کە لەڕووی مادییەوە زیانی پێگەیشـــتووە، چونکـــە یـــەك نێرگەلە بەشـــەش تاحەوت هەزاردینـــارە خەرجیـــی شـــەوێکی چوونە دەرەوەی دەگاتە چـــل هەزار دینار، ئەمەش هەموو شەوێك دووبارە دەبێتەوە.

ئاورینگ زێوەری تەمەن چل وپێنج ســـاڵ پێشتر لەبەغدا ژیاوەو فێری نێرگەلە کێشان بووە، ســـەبارەت بەچۆنییەتـــی خوو گرتنی بە نێرگەلەوە دەڵێت: لەگـــەڵ هاوڕێکانمدا بۆ ڕێســـتۆرانتەکان دەڕۆیشتین و نێرگەلەم دەکێشـــا، ئێســـتاش دوو هاوڕێی ئافرەتی عەرەبم هەیە کە بەیەکەوە نێرگەلە دەکێشین.

بەشێکی زۆری کچە هەرزەکارەکان بەنهێنی و بەبێئـــاگاداری کەســـوکاریان نێرگەلـــە دەکێشن لەم بارەیەشەوە سندوس کە کچێکی ٢١ ساڵە دەڵێت: (زۆربەی جار لە کافتریاکان لەگەڵ برادەرە عەرەبەکانمدا نێرگەلە دەکێشم، بەڵام تائێســـتا نەمهێشـــتووە باوك و براکانم بەمە بزانن، چونکە ئەگەر ئەوان بزانن سزام دەدەن، ســـەبارەت بەتووش بوونی بەکێشـــەو گیروگرفت، ســـندوس ئامـــاژەی بەوەدا کە زۆر جار لەکاتی کێشـــانی نێرگەلەدا کوڕان داوای ژمارە مۆبایلیان لێکردووە کێشـــەیان بۆدروستکردووە.

بەپێچەوانەوەی هەندێکی تر لە ئافرەتان هەن کە نەرگێلە بەنەریتێکی نادروســـت دەزانن، لەمبارەیەوە ئـــارەزوو عەلی پێیوایە نێرگەلە کێشـــانی ئافرەتان شتێکی ناشیرینە، ناوبراو پێوایـــە فێربوونی ئافرەتان بـــەم کارە جگە لەوەی چاولێکەرییەکـــی کوێرانەیەو هیچی تر نییە.

خاوەنی کافتریای ســـەفیر لەشارۆچکەی عەنکاوە، پێیوایە بەهۆی چاولێکەری کچە عەرەبەکانەوە کچە کوردەکان فێری کێشانی نێرگەلەبـــوون، ئـــەو خـــاوەن کافتریایە، کە ماوەی دوو ســـاڵە ئەو کارە دەکات، ئاماژە بـــەوە دەکات کە بەبەراورد لەگەڵ ســـاڵی ڕابردوودا ڕێژەی نێرگەلە کێشان لە نێو کچان زۆر زیادیکردووە.

بەبۆچوونـــی جـــوان کەمال، کـــە توێژەری کۆمەڵایەتییـــە، زیادبوونی ڕێژەی نێرگەلە کێشانی ئافرەتان دەگەڕێتەوە بۆچاولێکەری و نێرگەلەکێشـــانی ئافرەتـــان دیاردەیەکی ناپەســـەندە، چونکـــە کۆمەڵگـــەی ئێمە خاوەنی کۆمەڵێك دابوونەریتی کۆمەڵایەتی جوانـــە کەپیرۆزی خۆی هەیـــەو ئافرەتێك کەلەبەرچاوی کۆمەڵێك پیاودا لەکافتریایەك نێرگەلە دەکێشـــێت ســـووکایەتی بەخۆی و خێزانەکەی دەکات.

ســـەبارەت بەکاردانـــەوەی کۆمەڵگە جوان دەڵێت ((نێرگەلەکێشـــانی ژنان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ناپەســـەندە زۆرجـــار ئافرەتی نێرگەلەکێـــش دەکەوێتـــە بەرتیـــرو توانجی پیاوان، یـــان هەندێکجار بەهۆی کێشـــانی نێرگەلـــەوە ئافرەتەکان دووچاری کێشـــەی کۆمەڵابەتی دەبنەوە،تەنانەت ئافرەت هەبووە

***

**کێشانی نێرگەلە لە شوێنە گشتییەکان یان لە ماڵەوە یان لە گەشتو سەیران لەلایەن گەنجانەوە، کارێکی ئاسایی و سروشتییە، بەڵام ماوەیەکە خەریکە کێشانی نەرگیلە لەلایەن کچانەوە دەبێتە دیاردەیەك، ئەمەش لە زۆر لایەنەوە مایەی تێبینی و سەرنجە، چونکە بەدەر لەزیانە زۆرەکانی جگەرە بۆ سەر تەندروستی ئەوا لەلایەکی دیکەوە پێویستە کچان مێینەتی خۆیان لەبەرچاو بگرن و درك بەوە بکەن کە جگەرەو نەرگیلە تا ڕادەیەك مێینەتیان دەشارێتەوە، ئایا ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی ئازادی و ڕێگا پێدانی کەسوکارە، یان لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی دیاردەکەیە، یانیش لە ئەنجامی هەبوونی هاوڕێی خراپە.**

***

# کۆمەڵایەتی و تەندروستییەوە

بەهۆی نێرگەلەکێشانەوە تووشی کاری لەشفرۆشی بووە.
ناوبراو ئاماژە بەوە دەدات کە کێشانی نێرگەلە لەڕووی دەروونییەوە زیانی زۆری هەیە کە هەندێك کەس بەجۆرێك لەخودگیری و تووشی دەبن ئالوودەبوون دێن، هەروەها لەڕووی ئابووریشەوە زۆربەی ئەو ئافرەتانەی نێرگەلەکێشن پارەیەکی زۆر خەرج دەکەن زیان لە ئابووریی خێزانەکەیان دەدەن.
دکتۆرە هانا عوسمان پسپۆڕی نەخۆشیەکانی ژنان سەبارەت بەکێشانی نێرگەلە لەلایەن ئافرەتانەوە دەڵێت: کێشانی نێرگەلە لەڕووی تەندروستییەوە زیانێکی زۆری بۆ ئافرەت هەیە، بەڵام بەداخەوە ئافرەتان زیانەکانی بەهەند وەرناگرنء پێیانوایە ئەگەر بەراوردی بکەیت بەجگەرەکێشان ئەوا نێرگەلە زیانی نییە، بەڵام هەموو توێژینەوەکان سەلماندویانە کە لەڕووی تەندروستییەوە زیانێکی زۆری هەیە، ناوبراو ئاماژە بەوە دەکات کە نێرگەلە و جگەرە بەماددەی هۆشبەر ناودەبرێن، ئەو توێژینەوە دەڵێت: نێرگەلە لە جگەرە زۆرخراپترە پێکهاتەکانی وەکوجگەرە وان، باس لەوەشدەکات کە لەڕووی تەندروستییەوە هەموو ئەندامەکانی لەش دەکەونە ژێر کاریگەری نێرگەلەوە، بێجگە لەوەی زۆرجار بەهۆی فلتەری دەمی نێرگەلەوە چەند کەسێك نەخۆشی لەیەکترەوە دەگرن، هەروەها نێرگەلە هۆیەکە بۆبڵاوبوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان.
نێرگەلە زیانەکانی زۆر زیاترە لەزیانەکانی جگەرە

ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت لەهەندێك لەتوێژینەوەکان دەریخستووە نێرگەلە ئەگەر بۆماوەی یەك کاتژمێر بیکێشیت ١٠٠ - ٢٠٠ هێندەی جگەرە لەدوکەڵ و ٧٠ ئەوەندەی جگەرەیەك لەنیکۆتین زیاترە، هەروەها گەورەترین زیان بەئافرەتی دووگیان دەدات، جگەلەوەش کە مادەی هۆشبەرو ئاڵودەکەر وەردەگرێت، بەڵام ئافرەتان هۆشیاریان زۆرکەمە لە ئاست ئەم ئاماژانە، بەجۆرێك هەندێك لەو ئافرەتانەی بەکاری دەهێنن زۆرجار پێچەوانەیە وادەزانن کە نێرگەلە زیانی کەمە یان هەر نییەتی.
ناوبراو، دەڵێت: ئافرەتی نێرگەلە کێش زۆر زوو تووشی نەخۆشیەکانی سی دەبێت بیجگە لەوەی ئەگەر دووگیان بێت مەترسی لەسەر ژیانی کۆرپەلەکەی د ر و ست دەبێت، رەنگە منداڵەکەی کەمئەندام دەربچێت..



فۆتۆ: شێروان موحسین

# کاتێک پیاو چاوی دەبێتە هەڵۆ و بەکەس ناگیرێت...!

**سەیرکردنی ئافرەتان لەلایەن پیاوانەوە یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی کە لە زۆربەی زۆری وڵاتانی دنیادا بوونی هەیە، لەزۆربەی کاتدا بەدیاردەیەکی ناپەسەند وەسفدەکرێت، ئەوەی لێرەدا باس کردنی سەیر بێت ئەوەیە بۆچی پیاوان لە دوای ئەوەی کە ژن دەهێنن و دەچنە نێو پرۆسەی هاوسەرگیریەوە ئەو کاتیش بەردەوام تەماشای کچان دەکەن و زیاتریش ئارەزوو دەکەن تەماشای ژنان بکەن، لەکاتێکدا هیچ پیاوێك ئامادە نییە ئەوە قبوڵ بکات کەخەڵکی بە جۆرێك تەماشای ژنەکەی بکات .**

ئەرکان ڕەسول ماوەی پانزە ساڵە ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو تائێستا خاوەنی سێ منداڵە دەڵێت «ئەم بابەتە پێوەندی بەئازادی پیاوانەوە هەیە لەکۆمەڵگایەکی پیاوسالاریدا کە ئەو سیمایە بەسەری زاڵ بێت ئەمەش وای کردووە کە کۆمەڵێك کەندو کۆسپ بۆئافرەت زیاد بکات بەتایبەت ئەو بابەتانەی کەپێوەندی بەرەگەزی بەرامبەرەوە هەیە، «ئەرکان» ئاماژە بەوەشدەدا کەئافرەتیش وەکو پیاو حەزو ئارەزووی هەیە .

### خۆ بە تەماشا نابینە پاشا

کاروان عەلی پێی وایە جوانی بۆ خۆی هۆکاری سەرەکی سەیرکردنی ئافرەتە، دەڵێت «ئەگەر ئافرەتەکە جوان و سەرنج ڕاکێش نەبێت ئەوا پیاو ئەوەندە سەیری ناکات .کاروان ئاماژە بەوەشدەدا بەدەگمەن کەم پیاو هەیە کەسەیری ئافرەت نەکات. بەڵام «ئەرکان» بە پێچەوانەی ڕای «کاروان»ەو دەڵێت: شۆڕشی گەیاندنیش لە ڕێی ئینتەرنێت و سەتەلایتەوە حەزی پیاوانی بۆ سەیرکردنی ژنان زیاترکردوە و خەیاڵ پێوەکردن و چاو خستنە سەر زۆر بووە، وای لێهاتووە کە چاومان بۆتە هەڵۆو کەچی خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین و دەڵێین (خۆ بە تەماشا نابینە پاشا)، حاڵەتیش هەیە وەك نەخۆشی و خوو پێوەگرتن و چەپاندنی سێکسی لێهاتووە، کە بەهۆی تێڕوانینی بەردەوامی ژنانەوە پیاو هەیە دەزانێت دەرمانی ئەو نەخۆشییانەی خۆی پێ مسۆگەر دەکات، لەکاتێکدا هەندێکیانی وەك پڵنگی برسی لێ کردووە، دوای ئەوە ئافرەتانیش بۆیە خۆیان جوان دەکەن تا پیاوان سەیریان بکەن، چونکە جوانی سەرەکیترین سەرمایەی ئافرەتانە.

### ئافرەت دوای پرۆسەی هاوسەرگیری تەنیا سۆزوخۆشەویستی دەبەخشێتە هاوسەرەکەی

لەکاتێدا زۆربەی پیاوان هەمیشە بەدوای ئافرەتانەوەن، ئەوەندە بایەخ بە هاوسەری خۆیان نادەن، بەڵام بەپێچەوانە ئافرەت کەدەچێتە پرۆسەی هاوسەرگیریەوە کەمتر سەیری پیاوی تر دەکات، کەژاڵ عومەر کە فەرمانبەرە لەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی دەڵێت: زۆربەی پیاوان حەزدەکەن سەیری ئافرەتان بکەن، هەرچەندە پیاوەکە بەتەمەن بێت یان ژنی هەبێت بەڵکوو پیاو هەبووە، هەمیشە بەدوای ژنانەوە بووە.. لەکاتێکدا ژن و ماڵی هەبووەو منداڵی گەورەی هەبووە، کەپیاوێك چووە تەمەنەوە پێویست بەوەناکات بەجۆرێکی نەشیاو سەیری ژن و کچی خەڵکی بکات. کەژاڵ ئەوەش دەخاتەڕوو کەپیاوان زۆربەیان هەر لەسەر ئەم هەڵسوکەوتە بەردەوام دەبن، کەچی ئافرەت دوای ئەوەی کەژیانی هاوسەری پێکهێنا ئەوەندە بایەخ بەوە نادات کەسەیری پیاوی بێگانە بکات جگە لەهاوسەرەکەی خۆی.

### هۆکای دەروونی پاڵنەری سەرەکیە

لەبارەی ئەوەی تاچەند هۆکاری دەروونی دەبێتە پاڵپشت بۆئەوەی پیاوان سەیری ئافرەتان بکەن، ئارەزوو واحید توێژەری دەروونی وتی: سەیرکردنی ژنان لەلایەن پیاوانەوە ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتیە بەڵام پاڵنەرێکی دەروونی لە پشتە دەربارەی ئەو پاڵنەرە دەروونیانەی کەوا لە پیاو دەکەن تەماشای کچان بکات لەم بارەیەوە وتی: ((زۆرجار پیاوێك ئارەزووی سەیرکردنی نییە، بەڵام کە کچێکی شۆخوشەنگی جوان دەبینێت کۆمەڵێك پاڵنەری دەروونی و فسیۆلۆژی هەن، کەوای لێدەکەن سەیری کچەکە بکات و بێگومان ئەم هۆکارانەش زیاتر دەروونین، چونکە ئەو پاڵنەرە دەروونیانە دەبنە هۆی ئەوەی کەپیاوان زیاتر سەیری ئافرەتان بکەن . ئارەزووئاماژەی بەوەشدەدا، کە هەموو پیاوێك ئارەزوورییەکی هەیە سەیری کچان بکات، زۆرجاریش ئەمە دەبێتە چاولێکەری لەلایان پیاوانەوە کەسەیری ئافرەتان بکەن، چونکە زۆرپیاو هەیە ئارەزووی سەیرکردنی نییە، بەڵام کە دەچێتە لای هاوڕێکانیەوە ئەویش وەك ئەوان سەیری ئافرەتان دەکات)).

دواتر مامۆستا نوعمان خالص پێشنوێژی مزگەوتی حسێن گەردی پێی وایە، کە سەیرکردن هەر ڕەگەزێك لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەرییەوە لەڕووی ئاینیەوە بەنەزەر دادەنرێت، دەڵێت: هەمووشمان زۆر باش دەزانین نەزەر حەرامەو یەکێکە لەو دیاردانەی کە پێغەمبەری خودا نەهی لێکردووە، لەبەرئەوە هیچ پاساوێك بۆکەس نییە تەماشای ڕەگەزی بەرامبەری بکات.



فۆتۆ: شێروان موحسێن

# شۆفێرانی ماتۆڕسکیل تاچەند بوونەتە هۆی بێزارکردنی خەڵکی؟

***

**شـــۆفێریی ماتۆڕســـکیل یەکێکە لەو پیشانەی کە کۆمەڵگـــە بەچاوێکی نامۆوە ســـەیری دەکات، لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە وەك پیشـــەیەکی نادروســـت باســـدەکرێت و زۆربـــەی ئەندامانـــی کۆمەڵگـــە خۆیان لەم پیشـــەیە لادەدەن و بەتایبەتی کەســـانی ڕۆشنبیر بەهەموو شـــێوەیەك خۆیان لە سواربوونی ماتۆڕ دەپارێزن،ســـەرەڕای ئـــەوەش ماتۆڕ دەبێتە هـــۆی بێزار بوونی ئافرەتان، بە تایبەتی کە هەندێ شـــۆفێری ماتۆڕ خەریکی توانج لێدانی ئافرەتانن، ئەمەش دەبێتە هۆی دروســـت بوونی چەندین کێشە لەنێوکۆمەڵـــگادا، جگەلـــەوەش دوکەڵـــی ماتۆڕ زیانێکی زۆری هەیە بۆ پیس بوونی ژینگە...**

***

**جەنجاڵی شەقامەکان، بازاڕی ماتۆڕسکیلی گەرمکردووە**

لەم چەند ســـاڵەی دواییدا لە هەرێمی کوردســـتان بەشـــێوەیەکی بەرچاو بەکارهێنانی ماتۆڕســـکیل زیادی کردووە، لەمبارەیەوە ئیســـماعیل مەعروفی ماتۆڕفرۆش ئاماژەی بـــەوەدا کە چەند هۆکارێك هەیە دەبێتـــە هۆی ئـــەوەی هاووڵاتیـــان ماتۆڕ بەکاربهێنن، ئیسماعیل دەڵێت(( جەنجاڵی ناوشاری هەولێرو ئاســـتەمبوونی هاتوچۆکردن بە ئوتومبێل، هۆیەکی ســـەرەکی بەکارهێنانـــی ماتۆڕە، بێجگە لەوەی کـــە ماتۆڕ خەرجـــی لەئوتۆمبێل کەمترەو نرخەکەشـــی هەرزانترە واتا کەســـی هەژار واباشترە ماتۆڕ بەکاربهێنێت)).

ســـەبارەت بەتێڕوانینـــی کۆمەڵگە بۆ شـــۆفێری ماتـــۆڕەکان، ئیســـماعیل ئامـــاژەی بەوەشـــدەدا بەکارهێنانـــی ماتـــۆڕ بۆکاری نەشـــیاوو نابەجێ لەلایـــەن هەرزەکارانـــەوە وای کـــردووە ناوبانگی هەموو ماتۆڕسکیلەکانی زڕاندوە، نابێت کۆمەڵگە هەمووومان بەیەك چاو تەماشا بکات.

.هەروەها باســـیش لەو دەکات، نەبوونی یاسایەکی هاتۆچۆی تایبـــەت بۆ ڕێکخســـتنی ماتۆڕەکان وایکردووە، کە منداڵی هەرزەکار بێ ئەوەی مۆڵەتی شۆفێرییان هەبێت ماتۆڕ دەکڕن و بۆکاری ناپەسەند بـــەکاری دەهێنن، منداڵـــی چواردەســـاڵ هاتووە ماتۆڕی کڕیـــوە. دواتر هاوکار ئەنـــوەر بازرگانی ماتۆڕ لەم بارەیەوە داوای لەشـــۆفێری ماتۆڕەکان کرد ڕێز لە هاووڵاتیـــان بەتایبەتی ئافرەتان بگرن، بەهیچ شـــێوەیەك نەبنە هۆی هەراسانکردنی هیچ کەسێك و ڕێزلەبنەماکانی هاتۆچۆ بگرن و هەوڵبدەن ناوبانگی پیشەکەیان بپارێزن .

مەحمودعەلـــی یەکێـــك بـــوو لـــەو گەنجانـــەی کەلەمەیدانـــی ماتۆڕفرۆشـــەکان بوو وەك باســـی دەکات، هەندێك ماتۆڕهەیـــە کەڕێگایان پێنەدراوە لەبەرێوەبەرایەتی هاتوچۆ بۆ بەکارهێنانیان، ئەمەش بۆخـــۆی کێشـــەیەکی گەورەیـــە بۆنموونە ئەگەر هەرتاوانێك ئەنجامبدات ناتوانرێت بدۆزرێتەوە. .

**ماتۆڕسکیلەکان ئافرەتانیان بێزارکردوە**

ســـەبارەت بێزارکردنی ئافرەتان لەلایەن شـــۆفێری ماتۆڕسکیلەکانەوە بەشێکی زۆر لەئافرەتان گلەیی لە شـــۆفێری ماتۆڕەکان دەکەن و ئاماژە بەوە دەدەن کە هەندێك لەو ماتۆڕســـکیلانە تەنیـــا لەبەر بێزار کردنی ئافرەتان ماتۆڕیان کڕیوە، لەمبارەیەوە «جوان عوســـمان» فەرمانبەرە لەوەزارەتـــی کاروکاورباری کۆمەڵایەتی دەڵێت (( شـــۆفێری ماتۆڕسکیلەکان هەمیشـــە ئافرەتان بێـــزار دەکـــەن و تیروتوانجیان لێدەدەن، زۆرجار ماتۆڕســـکیل هەبووە ویستوویەتی پارە لەئافرەت بدزێت)).

«تانیـــا عەلی» هەرســـەبارەت بـــەم بابەتە وتی «زۆربەی شـــۆفێری ماتۆڕسکیلەکان هەرزەکارن و هیچ هزرێکی ڕۆشـــنبیریان نییـــە تەنیا ئارەزوویان هەراسانکردنی ئافرەتە، واتا کێشەکە لەبیرکردنەوەی تاکەکانـــە نەك لەپیشـــەکەیان، بەجۆرێـــك ئەگەر شۆفێری ئۆتۆمبێلیش کەسێکی نادروستبێت هەمان کردار دەکات)).

**ماتۆڕسکیل تەنیا بۆبێزارکردنی ئافرەتان بەکاردەهێنرێت**

**ماتۆڕسکیل زیانێکی زۆری هەیە بۆژینگە**

عەبدولـــڕەزاق خەیلانـــی بەڕێوبـــەری کاروباری تەکنیکی لەدەستەی باڵای ژینگە ئاماژەی بەوەدا زۆربوونی هەموو ئامێرەکانی گواستنەوە بەتایبەتی ماتۆڕســـکیلەکان زیانی زۆریان بـــۆ ژینگە هەیە، لەبەر ئەوەی ئەو ماتۆڕ ســـکیلانە بەشـــێکی زۆر لەگازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن فڕێدەدەنەو دەرەوە ئەمەش هۆکارێکی سەرەکیە بۆپیسبوونی ژینگە.

عەبدولڕەزاق ئەماژە بەوەشـــدەدا، کـــە بەم نزیکانە دەستەی باڵایان هەنگاوێکی نەمام چاندن لەشاری هەولێـــر دەســـتپێدەکات بەمەبەســـتی پاکردنەوەی ئاووهەوای ژینگەی هەولێر لەهەموو پیس بوونێك.

دواتر کاروان عوســـمانی توێـــژەری کۆمەڵایەتی پێی وایە، کە بەشـــێکی زۆری شۆفێری ماتۆڕەکان گەنجن وتەنیا ئارەزوویـــان لە بێزارکردنی ئافرەتانە، لەبەر ئەمەش نەریتێك لەلای هاووڵاتیان دروستبووەو کەشـــۆفێری ماتـــۆڕ لـــەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەسێکی نادروستە.

**سزای تایبەتیمان هەیە بۆشوفێری ماتۆڕسکیلەکان**

ملازمی یەکی هاتوچۆ (هۆگر عەزیز) بەرپرسی ڕاگەیاندنـــی هاتۆچۆ باس لـــەوە دەکات هێزەکانی پۆلیسی هاتووچۆ بەبەردەوامی هەوڵی قەدەغەکردنی هەموو جۆرە سەرپێچیەکی یاساکانی هاتوچۆ دەدەن، لەو بارەیەوە دەڵێت (بەرێوبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر بۆ ڕێگەگرتن لە سەرپێچیکردنی ماتۆڕسکیلەکان سیستەمێکی مۆدێرنی داناوە، هەر ماتۆڕ سکیلێك پێویســـتە تابلۆی ژمارەیی هەبێت، شۆفێرەکەشی دەبێت مۆڵەتی لێخورینی ماتۆڕســـکیلی هەبێت و هەرشۆفێرێك سەرپێچی بکات سزادەدرێت.



# گوڵی بوکێنی جوانترین دیارییە لە هاوسەرگیریدا

**لەورۆژەدا خۆم گوڵێك پێشكەش بەهاوسەرەكەم دەكەم**

ئارەزووكەمال تائێستا ژیانی هاوسەری پێكنەهێناوەو لەو بارەیەوە دەڵێت « بڕوام بە ئارایشگا نییەو لە ڕۆژی بوكێنیەكەم خۆم لە ماڵەوە خەریكی ڕازانەوەی خۆم دەبم حەزم لێیەزۆر سادە بم و حەز ناكەم بەهیچ شێوەیەك بچمە ئارایشگا، ئەمە حەزێكی خۆمە بۆ ڕۆژی بووكێنیەكەم، لەو ڕۆژەدا بەشێوەیەكی سروشتی و سادە دەردەكەوم و هەروەها كراسەكەشم باشترە زۆر سادە بێت و تەنیا پارچە پەڕۆیەكی درێژ بەدواوەی كراسەكەمەوە بكشێت. ئەوەش دەخاتەڕوو كە لەم ڕۆژەدا خۆی گوڵێك پێشكەش بەهاوسەرەكەی بكات و دەڵێت « گرینگ نییە بەلامەوە لەم ڕۆژە گوڵم لەدەست بێت یان نا!
بەڵكو حەز دەكەم لەجیاتی ئەم گوڵە ماچم بكات و ئینجا بەشێوەیەكی زۆر سادە ئاهەنگ بگێڕم. ئارەزووحەزیش دەكات لەم ڕۆژەدا هاوسەرەكەی بەئەسپێكەوە بچێتە دوایی و بیبات بۆ ئاهەنگی گواستنەوەیان.
دواتر لاڤین بە پێچەوانەی ڕای ئارەزوو بوو، وەك خۆی باسی دەكات كەلە ڕۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیریدا حەزدەكات جوانترین و ناسكترین ستایلی هەبێت، لەو بارەیەوە دەڵێت « چونكە ئەم ڕۆژە لەژیاندا تەنیا جارێكە، بۆیە جۆرە ستایلێك هەڵدەبژێرم كەلەگەڵ شێوەو ڕوخسارم بگونجێت. ئیتر مەرج نییە هەر شتێك مۆدێل بێت لەسەری بڕۆم چونكە لەوانەیە لەگەڵ شێوەو ڕوخسارم نەگونجێت، بەڵام هەر چۆنێك بێت حەز لە ستایلێكی سادە دەكەم . لەبەر ئەوەی چەند مكیاژی تۆختر بكەی، ئەوا شێوەو ڕووخسارت بەتەمەنتر بەدیاردەكەوێت، بۆیە زیارتر حەز دەكەم بە شێوەی سروشتی خۆم دەربكەوم نەوەك بە شێوەیەكی دروست كراو.
حەز دەكەم شێوەم جیاواز بێت لەڕۆژەكانی تر چونكە خەڵك زیاتر سەیری بووك دەكات نەوەك زاواكە، دەربارەی گوڵیش لەو ڕۆژەدا وتی وا جوانە لەلایەن هاوسەرەكەمەوە بۆم بێت بەڵام دەترسێم ئەوگوڵەی بۆم هەڵدەبژێرێت لەگەڵ ستایلی من نەگونجێت بۆیە حەز لەم ڕۆژە ناكەم و دوو دڵ دەبم ئاخۆ گوڵەكە جوانە یان نا.

**هاوسەرەكەم هەر چ جۆرە گوڵێكم بۆبێنێت لەلای من بەنرخە**

بینا كچێكی تەمەن ١٩ساڵەو دەڵێت «لەم ڕۆژەدا هەمووكچێك حەز لەكراسی سپی دەكات بۆیە هەموو كات بیر لە ڕۆشنایی و سپێتی ئەم ڕۆژە دەكاتەوە، ئایا جوانترین بووك دەردەچێت یان نا، بۆیە حەز دەكەم لەم ڕۆژەدا لەگەڵ مۆدێلی ئەم سەردەمە خۆم ئارایشت بكەم و كراسێكی جوان و مۆدێل تازە بپۆشم. ئەگەر زاوا گوڵەكەم بۆ بێنێت شتێكی زۆر جوان ودڵ خۆشكەرە، ئەگەر گوڵەكە جوانیش نەبێت، ئەوە بەلای منەوە هەر جوان و بەنرخە چونكە ئەو گوڵە لای من لەم ڕۆژەدا مانای خۆشەویستی دەبەخشێت.
دواتر ئەڤین كەمال كە كچێكی تەمەن ٢٣ ساڵە بە پێچەوانەی ڕای «بینا «وە بوو كەتائێستا ژیانی هاوسەری پێكنەهێناوەولە بارەیەوە دەڵێت « جارێ ناتوانم هیچ جۆرە ستایلێك هەڵبژێرم بۆ ئەم ڕۆژە، چونكە هەر ڕۆژەو جۆرە ستایلێك مۆدێلە،بەڵام پێشم خۆشە لەو ڕۆژەدا جوانترین مۆدێلی تازەترین ستایل بێت و مكیاژیشم ڕەنگی تۆخ نەبێت و زیاتر ڕەنگی شاخاوی بێت.
ئەڤین پێشی خۆشە لەم ڕۆژەدا ئەوگوڵەكەی لەدەستیەتی خۆی دەست نیشانی بكات بەڵام هاوسەرەكەی پێشكەشی بكات.

**ئەوگوڵەی كەهاوسەرەكەم پێشكەشم دەكات مانای خۆشەویستی و ڕێزگرتنم دەگەیەنێت**

ناسكە تەمەنی ٢٥ساڵەو تازە دەست نیشان كراوە، وەك باسی دەكات ماوەی چوار مانگە دەست نیشانكراوەو دەڵێت « لەئێستاوە خۆم بۆئەم ڕۆژەئامادە دەكەم، چونكە ئەم ڕۆژە لەژیانی ئافرەتدا تەنیا یەكجارە، حەز دەكەم بەجوانترین و ناسكترین شێوەدەربكەوم حەزیش دەكەم لەم ڕۆژەدا خۆم گوڵێكی سوور پێشكەش بەهاوسەرەكەم بكەم، ئەویش ماچم بكات،چونكە ئەوكاتە هەست دەكەم كە چەند منی خۆش دەوێت.ناسكە ئەوەش دەخاتەڕوو كە لەئێستادا خۆم و هاوسەرەكەم خۆمان ئامادەدەكەین بۆدیاری كردنی ڕۆژی ئاهەنگەكەمان ...



**هەمووكچێك خەون بەو ڕۆژە خۆشەوە دەبینێت، ئاخۆ لەڕۆژی گواستنەوەكەیدا چ جۆرە بووكێك دەردەچێت، چونكە ئەم ڕۆژە تەنیا یەك جارە لەژیانی هەمووكچێكداو دوبارەنابێتەوە، بۆیە بە تامەزرۆوەن لەم ڕۆژەدا ئەو گوڵەی كەبەدەستیەوەیەتی لەلایان هاوسەرەكەیەوە بەدیاری بۆی بێت، لەبەرئەوەی ئەم گوڵە مانای خۆشەویستی و ڕێزو قەدرزانین دەبەخشێت، لەم بارەیەوە ڕاوبۆچوونی چەند كچێكمان وەرگرتووە، بزانین لە زاری خۆیانەوە ئەم مانا قەشەنگە چۆن دەكەوێتەوە.**

# ون بوونی هەوراز

وەك چـــۆن باڵندەیەك فڕینی بیرچوو بێتەوەو بێ ئامانجانەو بە باڵ کوتانەوە ئەم پەناو ئەوپەسێو بـــکات، هـــەورازی تەمەن ١٣ ســـاڵانیش کە ئۆتیزمی هەیە، لەنـــاو چەند ژوورو داڵانێکی ماڵەوەدا بەو دەرگاو پەنجەرانەدا هەڵدەگەڕێت و باڵەکانی بە شیش و دارە داخراوەکاندا دەکوتێت، ئەم نەخۆشـــی ئۆتیزمەی هەوراز هەیەتی وەك ڕەشـــەبا وایە، لـــە هەڵکردنیدا پـــرس بەکەس ناکات، کە هەڵیش دەکات، وەك بروســـکە ئاسا لە مێشـــکی هەر منداڵێك بدات، هەســـارەکانی بیرکردنەوەو تێگەیشتنی لە خولگەی سروشتی خۆی دەردەکاتە دەرەوەو بەردەوام لە ســـوڕانەوە دەیوەستێنێت، تا ئێســـتا کەس نازانێت ڤایرۆسە نادیارەکەی ئۆتیزم لەچییەوە سەرچاوە دەگرێت، خونچەی هیچ چارەسەرێکیش لە تاقیگەکانی دنیادا بۆ چاك بوونەوەیان ناپشـــکوێت، تا هیچ نەبێت بۆ ســـاتەوەختێك باخچـــەی ڕۆحیان بە دنیا شاد بکاتەوە، خۆ هەر ماڵێك کە منداڵێکی ئۆتیزمی تێدا بێت، بەجارێك لەشکری نیگەرانی و خەم و بێزاری ڕووی تێدەکەن، چوونە دەرەوەو پێوەندیـــی و گەشـــتەکانی ئەندامانـــی ئەو ماڵە لە بازنەی داخراوی دنیایەکی تەســـکدا قەتیـــس دەدرێت، ئێســـتا باســـی ئـــەو ڕۆژە دەکەیـــن کە هەوراز بە یـــەك چاو خافڵانێکی کـــەم، نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین لە قەفەزی ماڵەوە دێتە دەرەوەو لەنـــکاوڕا بزر دەبێت، هەر وەك چـــۆن تیرێك لە دانگەو کەوانی دەربچێت، ئەمیش کە لە دەرگای حەوشـــە دەردەپەڕێت، ئیتر ئاوڕ بـــۆ دواوە ناداتـــەوەو تێیدەتەقێنێت، بەڵام بـــە پێچەوانەی تیرەوە هیچ ئامانجێك لە پێش ڕۆیشـــتنی هەوراز نییە، ڕەنگە لە دوورەوە چۆلەکەیەکی نیگا کردبێـــت، یان بیەوێت بەم دەرچوونـــەی تۆڵەی زیندانـــی کردنی لە ناو چوارچێـــوەی ژوورەکانی ماڵـــەوەدا لە دایك و باوکی بکاتەوە، لەوانەیە خۆیشـــی نەزانێت کە ئـــەم؛ وەك زیندەبوویەکی ســـەر زەمین بۆچی دروســـت بووە، ئایا بۆ ئەوەی هیچ شتێك فێر نەبێت و تەنیا وەك بارگرانییەك بەسەر دایك و باوکیەوەو دوای ئەوانیش کەس نازانێت کە کێ بەرگەی بەخێوکردنی تۆپەڵە گۆشتێکی بێ بەرهەم و ئایندەو ئامانج دەگرێت..؟!!

داخۆ هەوراز بە پێی پەتی لە کۆڵانەکاندا بووبێتە نێچیری چەند داوی نیگاو تەماشای تەنزئامێزو توانجلێدەری ئەو مرۆڤانەی لەکەســـێك دەگەڕێن تانەی تێبگرن و بە دەستەفڕکەکانی ئەم پەپولەیە بخەنن..

ئیتر ئەو ڕۆژە بەبەر قرچەی گەرماو لەبەرتینی ســـووتێنەری خۆردا دایکەو باوکـــەو هەندێك لە خزمان و دراوســـێکانیان بۆ دۆزینەوەی هەوراز بە پیادەیی و بە سواری چەندین ئۆتۆمبێلەوە جادەو کۆڵانەکانی ئەو گەڕەکانـــەی دەوروبەریان تەی دەکرد، هەرچی هەوری زستانە بەو هاوینە هاتنە ســـەر پێڵووی چاوانی دایکـــی هەورازو و نمەی فرمێســـکیان لە چاوانیدا دەبـــاران، هانایان بردە بەر مایکرۆفۆنی مزگەوتەکان((خەڵکینە خێرتان دەگاتێ هەر کەســـێك گەنجێکی سێزدەساڵانەی کەڕولاڵـــی بینیوەتەوە بیهێننـــە مزگەوتی..... تـــا بیدەینەوە بە کەســـوکاری))، ئێوارە داهات و شـــڵەژان و دڵەڕاوکێ لەبەر بێ سۆراغی هەوراز لەلای ئەوانەی بۆی دەگەڕان زیادی کرد، ڕوویان کردە رادیۆو ئێســـتگەکان و لەوانەشـــەوە هەواڵی بزربوونیی بڵاودەکرایـــەوە، وێنەیان گەیاندە چەند تەلەفزیۆنێکی ناوخۆ، بازنەی سوڕان و گەڕانیان فراوانتر کرد، هەوراز لە خۆی ناپرسێت من دەچمە کوێ؟ ئەوانیش لـــە خەمدا بـــوون داخۆ چووەتە کوێ؟؟ ئەو هەرگیز نەیزانیوە ئەو پرســـیارە سەرکێشانە لە خۆی بکات و بڵێـــت من کێم؟یان بڵێت بۆچی سەنتەرێکی ڕاهێنانەوەم بۆ دانانێن، تـــا ڕانەکەم بەرەو هیچ؟لە هیچەوە بۆ هیچ، من چیم؟ ئەوانیش لە کاتی بەشـــوێن گەڕانیدا لە خۆیان دەپرسی، باشە ئەم قوڕبەسەرە ئۆتیزمـــە کەوتۆتە چ پێچ و پەنایەکەوە؟ بۆ وا ماندوومان دەکات، باشە هەورازی نامۆ بەخۆی و دەوروبەری، بۆچی بێ پرســـانە لە دەستمان ڕادەکات؟؟؟

بـــازووی زیوینی ئێوارە بەرزبـــووەوە تا پەردەی تاریکی شەو دابداتەوەو هەوراز هەر نەدۆزرابوەوە، تا کاتژمێر یازدەو دوازدە دەقیقەی پێش نیوەشەو ئامانجـــی خاڵۆزای باوکی هـــەوراز بە پەلەو هەناسە بڕکێ تەلەفوونی بۆ کردن و وتی بگەنە ئێســـتگەی....و لە نزیك گوندی مەلا ئۆمەر پۆلیســـی فریاکەوتن هەورازیـــان دۆزیوەتەوەو ئێســـتا لە نووسینگەی ئێســـتگەکە خەوتووەو وەرن تا وەریبگرینەوە، لەگەڵ خۆتاندا دەســـتێ جلی خاوێنی بـــۆ بهێنن، چونکە دەڵێن هەموو جلەکانی لە ســـیان و قوڕو چڵپاودا پیس بووە، بەو حاڵە گەیشتنە سەر هەورازو پۆلیسێك پێی وتن، ئەمە لای ئێوارە، لـــە کاتی گەڕانەوەی ســـەیرانکەران، هەواڵیان بـــە بازگەکە داوە کە منداڵێـــك لە ناو گەلە ســـەگێکدا ڕزگارکراوەو خەڵك لێی کۆبووەتەوەو منداڵەکە هیچ قسەناکات و لە تەواویش ناچێـــت، فەرمان بە ئێمەدرا کە بڕۆیـــن لەو دەشـــت و دەرەوە بیهێنینەوە، کاتێك دۆزیمانەوە هەر ڕای دەکردو ئاوڕی نەدەدایەوە، لە کاتی هاتنەوەمان بۆ شار لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا گوێبیستی بانگەوازی رادیۆیەك بووین خەڵکی ئاگادار دەکردەوە لە ونبوونی منداڵێك لەسەر ئەم سیماو خەســـڵەتانەی منداڵەکەی ئێوە؛ ئێمەیش زانیمان کە ئەم منداڵە مەبەســـتە، بۆیە بە پەلە گەیاندمانە نووسینگەی ئەم ئێستگەیە، تکاتان لێ دەکەیـــن جارێکی تـــر بەرەڵڵایی مەکەن، پۆلیسەکە لەو قسانەیدا بوو،کە هەوراز گەمەی بـــەو کەلەپچانەی بەرنیتاقەکەیەوە دەکردو بۆی پێدەکەنی..

